ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# رەهەندە سیاسی و یاساییەکانی ریفراندۆمی

## ٢٠١٧/٩/٢٥

نوسین و ئامادەکردنی: نیزام فەیسەڵ سادق



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

**Tel: 009647481505010**

**Email: research.gorran@gmail.com**

ئەیلولی ٢٠١٧

# رەهەندە سیاسی‌و یاساییەکانی

# ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥

نیزام فەیسەڵ سادق

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
ئەیلولی ٢٠١٧

## ناوەڕۆک

**پێشەکی ........ ٣**
**یەکەم: ریفراندۆم چییە؟ ........ ٥**
**دووەم: هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە لە دیدی سیاسییەوە ........ ٧**
**سێیەم: هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە لە دیدی یاساییەوە ........ ١٠**
**کۆتایی ........ ١٣**
**سەرچاوەکان ........ ١٥**

## پێشەکی

ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٧ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای کۆتایی هاتنی ویلایەتەکەی، وەکو سەرۆکی هەرێم لەگەڵ بەشێك لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، جگەلە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن و کۆبوونەوەکە دەرکردنی فەرمانی هەرێمی ژمارە ١٠٥ لە ٢٠١٧/٦/٨ ی لێکەوتەوە. لەفەرمانەکە پێنج خاڵ لە خۆدەگرێت و تایبەتە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، دیاریکردنی ڕۆژەکەشی بۆ کۆمسیۆنی هەرێم بەجێهێشتووە لەکاتێکدا ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٦ ماوەی یاسایی پەرلەمانی هەرێم کۆتایی دێت. هەر لە کۆبوونەوەکەی بارزانی لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکان، بڕیاریاندا ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ واتە یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەجێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامبدرێت .

لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢، هەروەها دوای هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٥، یەکەمجارە دەسەڵاتدارانی هەرێم هەنگاوێکی لەم جۆرە داهاوێژن، ئەویش دیاریکردنی ڕۆژێکە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی "بەمەبەستی" سەربەخۆیی هەرێم. بڕیارەکە کاردانەوەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، کاردانەوەکان بریتی بوون لە ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە، چ لەلایەن بەشی زۆری خەڵکی هەرێمی کوردستان، چ لەلایەن بەغدا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیە لە ڕووی سیاسییەوە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بووە جێگەی باس و مشتومڕی لایەنەکانی هەرێم. لەلایەکی دیکەوە؛ دەرکردنی بڕیارێك لە کۆبوونەوەی چەند حزبێکی سیاسی و لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، پرسیاری یاسایی بوونی بڕیارەکەی لێکەوتەوە، بۆیە لە ڕووی یاساییەوە، بڕیارەکە هەڵوێستی جیاواز و ئیشکالیەتی یاسایی بەدوای خۆیدا هێناوە .

ئەمە لە کاتێکدایە، دوو ساڵە سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کورستان بە بەکارهێنانی هێز ڕێگریی لێکراوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان، بەو هۆیەوە پەرلەمان لە کارەکانی وەستێندراوە، سەرەڕای مەترسیداری دۆخی ناوخۆ و بڕیاری موچە بڕین

بەناوی پاشەکەوتی موچە لەلایەن حکومەتی هەرێم، دامەزراوەکانی هەرێم دوور لە پەیڕەوکردنی یاسا بەمشێوەیە بەڕێوە دەبرێت :

١. پۆستی سەرۆکی هەرێم کێشەی یاسایی و شەرعیەتی هەیە، سەرۆکی هەرێم لە سالّی ٢٠٠٥ وە، واتە دوازدە ساڵە لەو پۆستەدایەو لە سالّی ٢٠١٣ەوە ویلایەتەکەی کۆتایی هاتووە، بۆیە پرسەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دەستپێکردنی جەنگی داعش و دەکرا بەهەڵبژاردن چارەسەر بکرایە، جگە لە درێژکردنەوەی ویلایەتەکەی بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ، دوای ئەو دوو ساڵە بەبێ پاڵپشتی یاسایی بەردەوامە لە پۆستەکەی.
٢. حکومەت، ماوەی ١٩ ساڵە دوو سالّی لێ دەرچێت تەنها یەك کەس سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، دوای ٢٦ ساڵ لە ئەزمونی حوکمڕانی، حکومەتی هەرێم بە نیوە ئیفلیجی و دەرکردنی پێنج وەزیری سەربە بزوتنەوەی گۆڕان و دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کارەبا لەم کابینەیە، لە ئێستادا وەکو حکومەتێکی کاربەڕێکەر بەبێ یاسای بودجەی سالانە و بەبێ چاودێری پەرلەمان لە کارەکانی بەردەوامە و سەرباری ئەم هەموو قەیرانە، هەڵناوەشێتەوە.
٣. سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، تا خانەنشین کرا بە نایاسایی ماوەی سەرۆکایەتییان بۆ درێژکردەوە، لە ئێستاشدا کەسێکی دیکە لە شوێنی داندراوە بەلام نەتواندراوە سەرۆکێك بۆ ئەم دەسەلاتە گرنگەی هەرێم دیاری بکرێت.
٤. سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێم، چەندین دەزگاو دامەزراوەی دیکە ماوەی کارکردنییان کۆتایی هاتووە و بەردەوامن لە کارکردن.
٥. هەرێمی کوردستان وەك کانتۆنێکی عێراق دەستوری نییە، ئازادی رۆژنامەگەریی و خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین لە هەولێری پایتەخت و شارەکانی دیکە بەشێوەیەکە، بووەتە سەرچاوەی رەخنەی راپۆرتە جیهانییەکان و نیگەرانی نێودەوڵەتی.
٦. دەستاودەستکردنی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان، کێشەی گەورەی لە بەردەمدایە و خەڵك بە نائومێدییەکی قوڵەوە لەم دۆخە دەڕوانێت، بۆیە لەگەڵ

دەستپێکردنی قەیرانەکان و جەنگی داعش، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێم روویان لە رێگای هات و نەهاتی هەندەران کرد.

٧. گرنگترین پرسیار لە ئێستادا ئەمەیە؛ ئایا بڕیاری ریفراندۆم لە رۆژی ٢٥ ی ئەیلول بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق، بڕیارێکی یاساییە؟ لە رووی سیاسییەوە چارەسەری کێشەکان دەکات؟ یاخود قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە؟

## یەکەم: ریفراندۆم چییە؟

ریفراندۆم پێناسە دەکرێت بە؛ خستنەڕووی بابەتێکی گشتیی بۆ گەل، بەو سیفەتەی گەل خاوەنی سەروەرییە، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی بە ئازادانە دەرببڕێت، جا بابەتەکە یاسایی و دەستوریی بێت، یاخود سیاسی، ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی بەشداری راستەوخۆی گەل لە حوکمڕانی و بڕیارەکاندا. ریفراندۆم یاسایی، دەستوریی، هەروەها سیاسی دەبێت، لەسەر پرسە گرنگەکانی وەك سەربەخۆیی و جیابوونەوە، پەسەندکردنی دەستور، هەروەها بۆ پەسەندکردنی یاساکان ئەنجام دەدرێت .

لە رووی بابەتەوە، هەروەها ئەو لایەنەی بە پرۆسەکە هەڵدەستێت؛ ریفراندۆم جیاوازی هەیە لەگەڵ (ئیستیتلاعی رەئی)، کە پەیمانگایەك یان رێکخراوێك پێی هەڵدەستێت. ریفراندۆم لە رووی شوێنەواری یاساییەوە دوو جۆری هەیە، ئیلزامی و راوێژکاریی، ئیلزامی وەکو چەندین نموونەی سەربەخۆیی کە بەگوێرەی یاساکانی ناوخۆ و یاسای نێودەوڵەتی، پابەندبوونی یاسایی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ریفراندۆمی راوێژکاریی؛ ئەو ریفراندۆمەیە کە هیچ پابەندبوونێکی یاسایی تێدا نییە و تەنیا وەرگرتنی بۆچوونە، هەندێك لە یاساناسان پێیان وایە ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلول راوێژکارییە، جاران لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزم؛ وڵاتێکی داگیرکەر لە رێگای راپرسییەوە پرسی بە دانیشتوانی وڵاتە ژێردەستەکەی دەکرد تاکو بزانێت چییان دەوێت. بەمدواییە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (بی بی سی) بەریتانی، گوتبووی: "مەبەست لەم راپرسییە بۆ ئەوەیە بزانین خەڵکی خۆمان چیان دەوێت!" قوباد تاڵەبانی لێرە کەوتبووە هەڵەیەکی گەورەو

ئەوەی لەبیر نەبوو حیزبەکەی‌و نەوەکانی پێشو لە پێناو دەوڵەتی کوردی‌و سەربەخۆییدا خەباتیانکردوەو دەیکەن.

لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخدا، بۆ یەکەمجار ریفراندۆم لە ساڵی ١٨٧٤ هێندرایە ناو دەستوری وڵاتی سویسرا. چەند نمونەیەك هەیە لە بەکارهێنانی مافی چارەنووس وەکو: باشوری سودان، تەیموری خۆرهەڵات، هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا، هەرێمی کیوبیك لە کەنەدا، هەروەها سکۆتلەندا لە بەریتانیا، کە هەموویان لە رێگای یاساوە قۆناغەکانییان بڕیوە. بە گوێرەی پرنسیپە جیهانییەکان، راپرسی کۆمەڵێك مەرج و رەخساندنی ژینگەیەکی لەباری پێویستە، بۆ ئەوەی وەکو ریفراندۆم هەژماربکرێت و دانپیانانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت:

١. **ئازادی دەنگدان و بانگەشەکردن:** کەشێکی ئازادی بەشداری بەر لە دەنگدان و دوای دەنگدان، ناکرێت دەسەڵاتێك یان هێزێك خەڵك چاوترسێن بکات بەوەی؛ ئەوەی لەگەڵ راپرسی و دەنگدان نەبێت خائین و خۆفرۆشە! جگەلەوەش دەنگدان بۆ هەر راپرسییەك لە ژێر سایەی بەکارهێنانی هێز و بێلایەن نەبوونی هێزەچەکدارەکان، راپرسییەکە بێ بەها دەکات .

٢. **پێویستە ریفراندۆمەکە روون بێت:** لە هەموو جۆرێکی ریفراندۆم پرسیارێك یان بۆچوونێکی تێدایە، بە بەڵێ یان نەخێر بەشداربووانی راپرسی رەئی دەردەبڕن، پێویستە ئەو پرسیارە یان ئامانجی راپرسییەکە روون و بێ تەمومژبێت، ناکرێت و لۆژیك قبوڵ ناکات؛ لەناوخۆی وڵات بە چڕی بانگەوازی راپرسی بکەی بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە، لە سەرئاستی نێودەوڵەتیش بە هەموو دنیا و رابگەیەنی کە راپرسییەکە بۆ مەبەستی سەربەخۆیی و گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان نییە.

٣. **چاودێری نێودەوڵەتی:** چاودێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی دیکەی نێودەوڵەتی بۆ سەر هەر راپرسییەك، مەرجێکی گرنگی شەرعیەتە و زامنی سەرکەوتنی پڕۆسەکەیە.

٤. **رەزامەندیی دەسەڵاتی ناوەند:** بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو هەرێمانەی لە دەوڵەتێك جیا دەبنەوە، پێویستە رەزامەندیی ئەو وڵاتە بەدەست بهێنێت.

## دووەم: هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە لە دیدی سیاسییەوە

### ١. لەسەر ئاستی ناوخۆ

ئاشکرایە دۆخی هەرێمی کوردستان، لە دۆخێکی چەقبەستوی سیاسی بێ دامەزراوەی شەرعی و خراپی رەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتییە، رۆژبەرۆژ رەوشەکە بەرەو خەراپتر دەچێت، سەرەڕای کۆتایی جەنگی داعش و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بەشێوەی سەربەخۆ، کەچی قەیرانەکان و کولەمەرگی بژێوی زۆرینەی خەڵك بەردەوامە، بێ متمانەییەکی قوڵ باڵی کێشاوە بەسەر هاوڵاتیان و پارتە سیاسیەکان. رەوشەکە بەو شێوەیەیە کە لە سایەی سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و حکومەتی هەرێم دەیبینین، حکومەتێك بەبێ چاودێری پەرلەمان و فرە قەیران، حکومەتێك تیایدا رۆژانە فەرمانی وەزاری دوور لە یاساو رێنماییەکان دەردەچێت بەهۆی ئەوەی پێنج وەزیری حزبی دووەم کە بزوتنەوەی گۆڕانە، بە زەبری هێزوچەکدار دوور خستووەتەوە، رۆژانە فەرمانی وەزاری و نوسراوی وەزاری لەلایەن چەند وەزیرێك ئیمزا دەکرێت کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان نەکراون رانەسپێردراون، بۆیە ئەم کابینەیە شەرعیەتی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

ئەگەر پێناسەی سیاسەت بە "رێکخستنی فەزای گشتی" بکرێت، ئەوا بڕیارەکەی ریفراندۆم فەزای گشتی هەرێم ئاڵۆزتر دەکات و بەربەرستێکی گەورە دەخاتە بەردەم ئاسۆی چارەسەری، چونکە:

- دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەزمونی شەرعیەتی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم، بڕیاردان لە بابەتێکی چارەنوسساز و گرنگی وەك ریفراندۆم لەلایەن چەند حزبێکەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ دامەزراوەکان، نەنگیەکی گەورەو لەکەیەکی سیاسی گەورەیە، لەسەردەمی بەرەی کوردستانی زۆربەی لایەنە سەرەکییەکان بەشداربوون لە بڕیاردانی سیاسی، بەڵام پێگەی

سیاسی کۆبوونەوەکەی ریفراندۆم لە ئاستی بەرەی کوردستانی نزمترە، چونکە دوو لایەنی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، کە نزیکەی ٣٠ کورسی پەرلەمانیان هەیە، بەشدارنەبوون لە کۆبوونەوەکە. بڕیاری ریفراندۆم هەرێمی کوردستانی لە هەرێمی خاوەن دەزگا شەرعیەکانەوە نزمکردۆتەوە بۆ ئاستێکی نزمتر، هەرێمی کوردستانی لە ئاستی ویلایەتێکی فیدراڵی عێراق دابەزاندووە بۆ چەند پارێزگایەکی سەردەمی بەرەی کوردستانی، بێگومان لە غیابی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، ئاستی کۆبوونەوەکە لە ئاستی بەرەی کوردستانیش نزمترە، چونکە بەرە جگە لە بزوتنەوەی ئیسلامی، هەموو حزبە گەورەکانی هەرێمی تێدا بەشداربوو.

- کێشەی سەرەکی نێوان لایەنە سیاسیەکان کە سەرچاوەکەی بریتییە لە کۆتایی هاتن و تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ویلایەتی سەرۆکی هەرێم و بەردەوامبوون لە خراپ بەکارهێنانی، دوای ئەوەی پەرلەمانی هەرێمیش لە کارەکانی وەستێندرا و حکومەت روبەڕووی قەیرانی شەرعی بوون و بێ متمانەیی بوو، بڕیارەکەی ریفراندۆم ئامازەیەکە بۆ درێژەدان بەم قەیرانی بێشەرعیە، چونکە تاکە رێگای چارەسەری بە ئاشتیانە بە هەڵبژاردن دەبێت، ئەم بڕیارەش بەربەستێکی هێنایە پێشەوە بۆ بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان، لە کاتێکدا دەبوایە سەرۆکی هەرێم رەمزی کۆکردنەوەی لایەنەکان و یەکپارچەیی خاکی هەرێم بوایە کە ئێستا بە هۆی دوو ئیدارەیی و ناکۆکی لایەنەکان قەوارەی هەرێم لە بەردەم لێکترازانێکی مەترسیدار دایە. لە ماوەی ١٢ ساڵی سەرۆکایەتی هەرێم بە شەرعی و ناشەرعیەوە، دەیتوانی ئەو لێکدابڕانەی سۆران و بادینان گرێبداتەوە و نەتەوە دروست بکات کە ئێمە وەکو پێکهێنەرەکانی دەوڵەت یان هەرێم نەتەوەیەکی یەکگرتوومان نییە، دەیتوانی هەندێك بنەماو بناغەی ژیانێکی ئازاد و بەکەرامەت بۆ تاکی کورد بچەقێنێت، کە زۆر لە دەوڵەت و سەربەخۆیی و جیابوونەوە بۆ هەموو مرۆڤێکی ئەم هەسارەیە گرنگترە.

## ٢. لەسەر ئاستی دەرەوەی هەرێم

بەهۆی تایبەتمەندیی‌و هەڵکەوتەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان‌و مێژووی خەباتی گەلی کورد لە باشوور، قەوارەی هەرێم پێویستی بە باشترین ئاستی پەیوەندییەکانە لەگەڵ وڵاتانی جیهانی و هەرێمایەتی، بەتایبەتی تورکیا و ئێران لەلایەك، وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوا لەلایەکی دیکەو ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکان لە نێوانیان. هەروەك چاوەڕوان دەکرا، دوای چەند سەعاتێك لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، هەریەك لەوڵاتە زلهێزەکانی جیهان: رووسیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا هەروەها ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، دژایەتی خۆیان بە روون و رەوان بۆ هەر هەڵوێستێکی لەم شێوەیەی هەرێم دەربڕی، دوای ئەوەش تورکیا و ئێران دژایەتی خۆیان بۆ ئەم هەڵوێستەی پارتی و دژی بڕیاری ریفراندۆم دووپاتکردەوە، تورکیا لە سەر زاری بینالی یەڵدرم سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بڕیاری راپرسی لەلایەن بارزانییەوە بە "نابەرپرسانە" وەسفکرد، ئەمەش لە کاتێکدایە، پێشتر چەندین جار ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، بە توندی دژی جیابوونەوەی هەرێم‌و دابەشبوونی عێراق هەڵوێستیان وەرگرتووە. دوای بڵاوبوونەوەی بڕیارەکەی راپرسی، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بە ئاماژەکردن بۆ دەستوری عێراق کە پێنج نوێنەری کورد لە بەغدا ئیمزایان لەسەرکردوەو لە راپرسییەکەی ساڵی ٢٠٠٥، دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە بەڵێ پەسەندیان کردوە، هەڵوێستی حکومەتی ناوەندیی ئاشکرا کرد، عەبادی لە لێدوانەکەی؛ بەشێوەیەکی قاتیع بابەتی ریفراندۆمی هەرێمی رەتکردوەو بە نادەستوری وەسفی کرد. ئاشکراشە شەرعیەتی بڕیاری ریفراندۆم‌و جیابوونەوە بەپێی پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەندە بە رەزامەندی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

چاوپێکەوتنەکەی دیپلۆماتکاری پارتی‌و وەزیری پێشوی دەرەوەی عێراق، هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لە رۆژی ٢٠١٧/٦/٩ لەگەڵ ئاژانسی رۆیتەرز، ناوبانگی هەرێم‌و هەنگاوەکانی بڕیاری ریفراندۆمی خستە ژێر پرسیارو گومانەوە. زێباری لە چاوپێکەوتنەکەیدا رایگەیاند: ریفراندۆمەکە بۆ جیابوونەوە لە

عێراق نییەو مەبەست تیایدا گەڕانەوەی کەرکوك‌و ناوچە جێناکۆکەکان نییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

بێگومان لێدوانێکی لەمشێوەیەی زێباری، کە دژیەکە لەگەڵ بڕیاری ریفراندۆم لەلایەن چەند حزبێکەوە، خزمەت بە دۆزی کورد و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و پشتگیریی وڵاتان بۆ هەرێم ناکات، لەکاتێکدا بەهۆی جەنگی داعشەوە ناوبانگی پێشمەرگەو هەرێمی کوردستان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی زیاتر کەوتە بەر رووناکی، پێشتریش لەسەردەمی نوسینەوەی دەستوری عێراقدا، هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەمن و ئاسایش‌و بوونی حکومەت‌و پەرلەمانی هەڵبژێردراو، بە "عێراقەکەی تر" ناسرابوو، بەهۆی بەسەرچوونی سەرۆکایەتی هەرێم، داخستنی پەرلەمان بە بەکارهێنانی هێز، بڕینی نانی میللەت بەناوی پاشەکەوتی مووچە، کوشتنی رۆژنامەنووسان‌و نەبوونی ئازادی و کۆچ بۆ هەندەران، هەروەها سیاسەتی ناجۆری پارتی، ناوبانگی "عێراقەکەی تر" کە هەرێمی کوردستانە لەکەدار و عەیبدار کرا.

## سێیەم: هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە لە دیدی یاساییەوە

### بڕیاری ریفراندۆم بەگوێرەی یاساکانی ناوخۆ

پرۆسەی ریفراندۆم لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی یاساییەو ئێمە لە یاسا شتێکمان نییە بەناوی ریفراندۆمی یاسایی یان ریفراندۆمی نا یاسایی، ئەگەر کەموکوڕیەك لە رووی یاساییەوە هەبێت زیاتر زاراوەی شەرعی و ناشەرعی بوون بەکاردێت، نەك یاسایی، چونکە لە بنەڕەتدا ئەگەر یاسایەکی تایبەت‌و دیارکراو لە پەرلەمانەوە دەرنەکرا، شتێکمان نابێت پێی بگوترێت راپرسی. بۆ یاسایی بوونی راپرسی، دوو پرسیاری گرنگ هەیە پێویستە وڵامەکەی بزاندرێت:

#### پرسیاری یەکەم/ کێ مافی بڕیاری ریفراندۆمی هەیە؟ لایەنی بڕیاردەر لەهەرێم کێیە؟

نەبوونی دەستور لە هەرێمی کوردستان، یەکێك لە هۆکارەکان بوو بۆ ئەوەی پەرلەمانی هەرێم بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ دەربکات، لە دەقی بڕیارەکە هاتووە: "پەرلەمانی هەرێم تاکە مەرجەعی سیاسی‌و دەستورییە بۆ بڕیاردان لەسەر

پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق، لە دیاریکردنی پەیوەندی دەستوری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری فیدراڵدا .." بەگوێرەی ئەم بڕیارە؛ ریفراندۆم لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە بڕیاری لێدەدرێت و هیچ دەزگایەکی دیکە لە شوێنی پەرلەمان بۆی نییە ئەم بڕیارە بدات، چونکە بەگوێرەی ناوەڕۆکی بڕیارەکە:

- ریفراندۆم بە پرسێکی چارەنوسسازی زۆر گرنگ دادەندرێت.
- ریفراندۆم بابەتێکە شێوازی پەیوەندی نێوان هەرێمو دەسەڵاتی ناوەندیی (بەغدا) دیاریدەکات و دەستکاریی دەکات.

جگەلەمەش ئێمە کۆمەڵێك یاسامان هەیە کە رەهەندی دەستوریان هەیەو پەیوەندیدارە بە پرسی ریفراندۆمەوە، ئەم یاسانە جارێکی دیکە بابەتەکە بە روونی یەکلایی دەکەنەوە؛ وەکو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە سێی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، هەروەها یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤.

بەگوێرەی ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٤ ی پەرلەمانی هەرێم، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان وەك دەستەیەکی پیشەییو بێلایەنی سەر بە پەرلەمانو بەرپرس بەرامبەر پەرلەمان، لایەنی بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی هەر راپرسییەكو هەڵبژاردنێکی گشتی کە لە هەرێمدا ئەنجامبدرێت. بەگوێرەی ئەم یاسایە، جگە لە پەرلەمانی کوردستان هیچ کەسو دامەزراوەیەکی دیکە بۆی نییە فەرمان بە کۆمسیۆن بکات بە ئەنجامدانی راپرسی یان هەڵبژاردنی گشتی، واتە هەریەك لە حزبەکان، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها هەر دەستە و وەزارەتێکی دیاریکراو، بۆی نییە بڕیار یان فەرمان بکات بە کۆمسیۆن بۆ ئەنجامدانی راپرسی و هەڵبژاردن، چونکە تاکە مەرجەعی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پەرلەمانە. بەگوێرەی ئەم یاسایە کە یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە، پەرلەمان رۆڵی سەرەکیو کۆتایی هەیە لە ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنو راپرسییەك. لە یاساکەدا هاتووە، هەر نۆ ئەندامەکەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی

هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن. جگە لەمەش هەر راپرسییەك پێویستی بە یاسایەك هەیە رێوشوێنی راپرسییەکەو رێکارەکانی دیاری بکات، بۆ هەر ریفراندۆمێك پێویستە لە پەرلەمان یاسایەك دەربچێت بۆ دیاریکردنی ئەو پرسیارەی لە دەنگدەران دەکرێت، بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافی دەنگدەران، هەروەها بۆ روونکردنەوەی کۆمەڵێك بابەتی دیکە، دەکرێ بە تەنیا یاسایەك چەندین خول هەڵبژاردنی پێ ئەنجامبدرێت، بەڵام هەر راپرسییەك یاسایەکی پێویستەو ناتواندرێت یاسایەك بۆ دوو ریفراندۆم بەکاربێت. بێگومان یاساش لە زەمانی یۆنانی کۆنەوە لە دامەزراوەی پەرلەمانەوە دەردەچێت نەك لە مەکتەبی سیاسیو کۆبوونەوەی حزبەکان.

**پرسیاری دووەم/ کێ ئەرکی جێبەجێکردنی ریفراندۆمی لە ئەستۆیە؟ لایەنی جێبەجێکار کێیە؟**

هەرێمی کوردستان دەستوری نییە، بەڵام ئەو یاسا و بڕیارانەی رەهەندی دەستوریان هەیە، ئەم بابەتەیان یەکلایی کردووەتەوە، بۆیە یاسابەرکارەکان لەهەرێم، بەڕوونی لایەنی بڕیاردەر و لایەنی جێبەجێکاری ریفراندۆمی لەنێو دەقە یاساییەکان دیاریکردووە، تەواوی پرۆسەکە لە چوارچێوەی یاسا وێنەکراوە، یاسا هیچ دەلاقەیەکی نەهێشتۆتەوە بۆ بەلاڕێدابردنی ئەم پرسە نیشتمانییە ستراتیژە، لەلایەن هەر کەس و حزب و دامەزراوەیەکەوە بێت. هەروەك یاسای ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی، بە وردی دەسەڵاتی جێبەجێکاری پرۆسەی راپرسی دیاریکردووە؛ کە بریتییە لەو دەستە سەربەخۆیە لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری پەرلەمانی هەرێم.

بۆیە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی دەزگای تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی هەر راپرسیو هەڵبژاردنێك کە لە هەرێم ئەنجامبدرێت، چاودێری سەرەکی و سەرپەرشتیاری کۆمسیۆنەکەش پەرلەمانی هەرێمە.

## کۆتایی

١. لایەنی بڕیاردەر و جێبەجێکاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، یەکێك لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی دادوەریی دەبێت، لە هەندێك وڵات دەسەڵاتی بڕیاردانی راپرسی دراوە بە حکومەت، لەم راپۆرتەدا بۆمان دەرکەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق؛ دەسەڵاتی بڕیاردانی هەڵبژاردن و راپرسی لە ئەستۆی پەرلەمانی هەرێمە. بۆ جێبەجێکردنی پڕۆسەکەش کۆمسیۆنێکی تایبەتی سەربەخۆ کە پێی دەڵێن کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرلەمانەوە رادەسپێردرێتو کۆمسیۆنەکەش پررۆسەکە ئەنجامدەدات.

٢. بڕیاری ئەنجامدانی راپرسی لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لەلایەن سەرۆکی هەرێم، ویلایەتەکەی کۆتایی هاتووە، لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەك لە حزبە سیاسیەکان، هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستوریی نییە، وەك قانونییەکانی عێراق دەڵێن: ئەوەی لەسەر پوچی بنیاتکرابێت هەر پوچە. ئەم راپرسییە تەنانەت راپرسی راوێژکاریش نییە، چونکە بەگوێرەی یاسایەکانو ئەو بڕیارەی باسکرا، هیچ لایەنێكو دامەزراوەیەك ناتوانێت بڕیار لەم پرسە چارەنوسسازە بدات جگە لە پەرلەمانی هەرێم، تەنانەت ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم کێشەی بەسەرچوونی ویلایەتیشی نەبێت، بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیش لە کۆبوونەوەکە بەشداربوونایە، بڕیارەکەی ریفراندۆم هەر نایاسایی دەبوو.

٣. بەهۆی نایاسایی بڕیاری راپرسی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە کە ماوەکەی بەسەرچووە، بڕیارەکە شیاوی تانەلێدانی دادوەریی‌و رەتکردنەوەیە، چ لە دەزگای دادوەریی هەرێم، چ لە دادگای ئیتیحادی لە بەغدا.

٤. ئەگەر لە دەقی یاساکان وردبینەوە، بەتایبەتی بڕیاری پەرلەمانی هەرێم ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥، دواتر بەراوردی بکەین بە کۆبوونەوە و هەڵسوکەوتی حزبەکانی هەرێم، دەردەکەوێت کە حزبە بەشداربووەکانی ئەم کۆبوونەوەیە هیچ باوەڕێکیان بە شەرعیەتی هەڵبژاردنو پەرلەمانو دامەزراوەکانی دوای راپەڕین نییە کە خۆیان لایەنی سەرەکین تیایدا. لە شوێنی پەرلەمانو

شەرعیەت هەڵبژاردن، ئەو حزبانە مەیلیان بۆلای شەرعیەتی چەکداری و زەمانی شۆڕش دەچێت.

٥. بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە حەوتی حوزەیران، رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ دیاریکراوە بۆ راپرسی، رۆژی ٢٠١٧/١١/٦ ماوەی یاسایی پەرلەمان کۆتایی دێت و لەو رۆژە بڕیارە هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجامبدرێت، دانانی بەروارێك بۆ راپرسییەکی پڕلە کێشە دوور لە بنەما دەستوریو یاساییەکان، مانگێك دوای ئەوە چۆن هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدەدرێت! بێگومان ئەم هەنگاوەی ژمارەیەك لە پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جگە لە دروستکردنی بەربەست لەبەردەم هەڵبژاردنی گشتی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، هیچی دیکە لێ ناخوێندرێتەوە، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم کە ١٢ ساڵە لەم پۆستە بەردەوامە دوور لە پرنسیپە دەستوریو یاساییەکان.

٦. بڕیاردان لە دەرەوەی پەرلەمانو بێ نرخکردنی ئەم دەزگا شەرعیە لەلایەن حزبەکانەوە، کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لە سەر سەقامگیریی هەرێم و بێ هیوابوونی هاووڵاتیان .

٧. ئەو هەنگاوانەی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم، کە پێشێلکردنی یاسای لێکەوتووەتەوە، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لە دەرەوەی یاساو رێنماییەکان، ئاماژەیەکە لە داهاتووەیەکی نزیکدا ناتواندرێت لە فۆرمی دەوڵەتی قانون، حکومەتی هاووڵاتی پێکبهێندرێت، هەروەها سەروەربوونی یاسا کێشەی گەورەی دەبێت لە داهاتودا، سەرچاوەی کێشەکەش دەسەڵاتی گشتییە نەك هاووڵاتی.

٨. بەهۆی ئەوەی دامەزراوەکانی هەرێم بە گوێرەی یاسا بەڕێوەناچێت، پێشێلکردنی یاساکان ئاستێکی مەترسیداری تۆمارکردووە، بەبێ ئەوەی جەنگ لەناو شارەکان هەبێت، یاخود بارودۆخێکی تەنگەتاوی ئەوتۆ لە ئارادابێت، بۆیە لە ئێستا هیچ زەمینەیەك نییە بۆ دروستکردنی هەرێمێك لە کوردستانی عێراق لە سەر بنەماو پرنسیپەکانی (دەوڵەتی قانون).

## سەرچاوەکان


١. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.
٢. یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی، ٢٠٠٥.
٣. یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە سێی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.
٤. بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی هەرێم، تایبەت بە مەرجەعی سیاسی و دەستوری.
٥. یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤.
٦. ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ.
٧. میدیاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.